

دڵخۆش عەبدوڵا
یاریزان و ڕاهێنەری لەشجوانی:

# هەوڵ دەدەین بۆ پاڵەوانێتییەکان تیپێکی تایبەت بە کچان لە شاری ڕانیە ئامادە بکەین

یاریی لەشجوانی و هێزی لەش بۆ ئافرەتانی کوردستان تا ڕادەیەك یارییەکی تازەیە، بەڵام ڕەنگە لە ماوەی داهاتوودا ببێتە یەکێك لەو یارییانەی کە ئافرەتانی وەرزشکار بە ڕێژەیەکی زۆر رووی تێ دەکەن، لە ماوەی ڕابردوو پاڵەوانێتی هێزی لەشی یانەکان و هۆڵەکانی شارەکانی کوردستان بەڕێوەچوو، لەم پاڵەوانێتییەشدا چەندین کچە یاریزانی وەرزشکاری ئەم یارییە بەشدارییان کردو کێبڕکێی ئەنجامی باشیان دەکرد، یەکێك لەو کچە یاریزانانەش دڵخۆش عەبدوڵا لەدایکبووی ساڵی ١٩٩١ی قەزای ڕانییە بوو، کە چەند ساڵێکە هەردوو یاریی لەشجوانی و هێزی لەش دەکات، لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێکرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

*** چۆن بوو ئەم وەرزشەت هەڵبژارد؟**

- هەر لە زووەوە خولیای ئەو وەرزشە بووم، بە وەرزشێکی جوان و بە چێژم بینیوە.

*** هەست ناکەی وەرزشێکی قورست هەڵبژاردووە؟**

- بێگومان وەرزشێکی قورسە، بەڵام حەزم بۆ وەرزشەکە وایکردووە کە بگونجێم و لەگەڵیدا بەردەوام بم.

*** لە یەك کاتدا دوو وەرزش دەکەی، هەڵگرتنی قورسایی و لەشجوانی، لەکامیاندا زیاتر سەرکەوتووتری؟**

- راستە هەڵبژاردنی دووبارەی وەرزشی کارێکی سەختە، بەڵام بە بۆچوونی خۆم دەتوانم ئامانجەکانم لە هەردوو بوارە وەرزشییەکە وەك یەك بپێکم.

*** هەست ناکەی ئەم یارییە لە ئاستی کچان بە شێوەیەکی باش پێشوازی لێ نەکراوە؟**

- وەکو پێویست پێشوازی لێ نەکراوە، بەڵام گەشبینم کە لە ئایندەدا پێشوازیی باشی لێ بکرێت.

*** ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- خۆشبەختانە لەو چەند ساڵەی دوایدا ئەو وەرزشە لە کوردستان بەرەوپێشچوونێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە.

*** بۆ هێنانە پێشەوەی ئافرەتی وەرزشکار بۆ نێو ئەم یارییە چی بکرێت باشە؟**

- پێویستە دامەزراوە وەرزشییەکان و یەکێتییە وەرزشییەکان و لایەنی پەیوەندیدار بەو وەرزشە، لە هاوکاریکردنی یاریزانان و کردنەوەی خول و پاڵەوانێتییەکان زیاتر دەستیان کراوە بێت، هەروەها هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە سەبارەت بە هاتنە پێشەوەی ئافرەتان بۆ وەرزشی لەشجوانی زۆر گرنگە.

*** وەکو کچە یاریزانێك بەرنامەت بۆ داهاتووت چییە؟**

- هەوڵدانی من بۆ داهاتوو ئەوەیە کە بتوانم زیاتر پەرە بە وەرزشەکەم بدەم.

*** بەنیازی لە چەند پاڵەوانێتی بەشداری بکەی و چاوت لە چییە؟**

- پەنابەخوا لە داهاتوودا بەشداریی پاڵەوانێتییەکانی دەرەوە دەکەم لە لەشجوانی و هێزی لەش.

*** گرفتی ئەم یارییە لە چیدا دەبینی؟**

- بەهۆی ئەوەی ئەم یارییە یەکێکە لە یارییە تاکەکان کەمتر پاڵپشتی دەکرێت.

*** وەکو کچە وەرزشکارێك خەونی وەرزشیت چییە؟**

- خەونی من ئەوەیە ئەو وەرزشە زیاتر گرنگی پێ بدرێت و بەرەوپێشەوە بچێت، ئافرەتانیش زیاتر بێنە پێشەوە و تواناکانی خۆیان پێشان بدەن.

*** وەکو راهێنەرێك بەنیازی ئەوە نیت تیپێکی کچان لە رانیە دروست بکەی؟**

- هەوڵ دەدەین لە ئایندەدا تیپێکی تایبەت بە کچان لە شاری رانیە ئامادە بکەین بۆ پاڵەوانێتییەکان.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان کە هیچ کات بۆ پشتگیریکردنی وەرزشکارانی کوردستان دریخیان نەکردووە.



# لیڤەرپوول هەوڵی رازیکردنی ئەستێرەکی بەرشلۆنە دەکات

یانــەی لیڤەرپوولــی ئینگلیــزی ئامــادەکاری دەکات تــا لــە وەرزی داهاتــوو خــۆی بەهێزتربــکات.

رۆژنامــەی مونــدۆ دیپۆرتیڤــۆی ئیســپانی رایگەیانــدووە، لیڤەرپــوول دەیەوێــت گرێبەســت لەگــەڵ عوســمان دێمبێلــی ئەســتێرەی فەرەنســی و یانــەی بەرشــلۆنە مۆربــکات.

ســەرەرای ئــەوەی بەرشــلۆنە نایەوێــت دەســتبەرداری یاریزانەکــە ببێــت، بــەڵام لــە ئەگــەری پێشکەشــکردنی گرێبەســتێکی گــەورەدا، پێدەچێــت یانەکــە بەدەســتبەرداربوون لــە یاریزانەکــە رازی ببێــت.

رۆژنامەکــە دەڵێــت بەرشــلۆنە ئامانجــی ئەوەیــە، دێمبلــی بەهەمــان ئــەو نرخــە بفرۆشــێتەوە کــە لــە ٢٠١٧ بەرامبــەر ١٠٥ ملیــۆن یــۆرۆ یاریزانەکــەی گواســتەوە ریزەکانــی.

بەپێــی راپۆرتــە رۆژنامەوانییــەکان بەرشــلۆنە لــە گواســتنەوەی ئانتــوان گریزمــان نزیکبووەتــەوە، دەنگــۆی گەڕانــەوەی نەیمــار بــۆ یانەکــە بڵاوبووەتــەوە، لــە ئەگــەری ئەوەشــدا هەلــی یارییکردنــی دێمبلــی کەمدەبێتــەوە.

# سەرۆکی پاریس سانت جێرمان دوا قسەی خۆی کرد

ناسر خلێفی سەرۆکی یانەی پاریس سانت جێرمانی فەرەنسی لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ رۆژنامەی لیکیپی وڵاتەکەی هەموو ئەو دەنگۆیانە رەتدەکاتەوە، کە باسی لە پەیوەندیکردنی کلیان مباپێ بە ریزەکانی ریال مەدریدی ئیسپانیا دەکەن و هاندەرانی یانەکەشی دڵنیا دەکاتەوە، کە ئەم یاریزانە بە هێچ شێوەیەک یانەکەیان جێناهیڵێت و دەرگای رۆیشتنیش لەبەردەم نەیمار دەکاتەوە.

ناسر خلێفی سەرۆکی پاریس سانت جێرمان دەڵێت: ماوەیەکە دەنگۆی ئەوە بڵاوبۆتەوە، کە گوایە کلیان مباپێ داوای لە ئێمە کردووە دەستبەرداری ببین بۆ ئەوەی پەیوەندی بە ریزەکانی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانیاوە بکات، لێرەوە دەمەوێت هاندەرانی یانەکەم دڵنیا بکەمەوە لە سەدا ٢٠٠ ئەو یاریزانە وەرزی داهاتوو لەگەڵ ئێمە بەردەوام دەبێت و تاوەکو ئێستاش هیچ داواکارییەکی لە ئێمە نەکردووە.

خلێفی گوتیشی: لەوانەیە چەند سەرچاوەیەک و راگەیاندکارێک بۆ بازار گەرمی خۆیان ئەم دەنگۆیانە بلاویکەنەوە، بەڵام هیچ راستیەکی نییە و ئەو لەگەڵ ئێمە دڵخۆشە و هەرگیز بیری لە جێهێشتنی یانەکەی نەکردۆتەوە.

لە لایەکی دیکەیشەوە، هەمان سەرچاوە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە یانەی پاریس سانت جێرمان ئامادەیە لەم هاوینە دەستبەرداری نەیمار بێت و بە نرخێکی کەمتریش بیفرۆشێت.

ماڵپەری سپۆرتی کەتەلۆنیاش نووسیویەتی: بارتۆمیۆ لە هەوڵی گەڕانەوەی نەیمار دایە و نرخەکەشی لە بازاری گواستنەوەی یاریزانان بۆ ١٤٧ ملیۆن یۆرۆ دابەزیوە.







# یاریزانێکی بەرازیلی چووە ریال مەدرید

دوای ئەوەی رۆدریگۆی بەرازیلی پشکینینە پزیشکییەکانی ریال مەدریدی بە سەرکەوتوویی تێپەڕاند، راستەوخۆ لە نێو یاریگەی سانتیاگۆ بێرنابیۆ ئەم یاریزانە بە هاندەران ناسێندرا و بووە پێنجەمین گرێبەستی ئەم هاوینەی یانەی ریال مەدرید.

رۆدریگۆ گوتی: هەستێکی زۆر خۆشم هەیە، کە پەیوەندیم بە باشترین یانەی جیهان کردووە، چونکە گەیشتم بە خەونی منداڵیم، بۆیە خۆشترین رۆژی ژیانی وەرزشی منە، هەرکەسێك منی ناسیبێت دەزانێت لە منداڵییەوە خەونی من پۆشینی درێسی ریال مەدرید بووە.

رۆدریگۆ گوتیشی: هێشتا هیچ قسەیەکم لەگەڵ زێدان نەکردووە، زۆر تامەزرۆم بۆ ئەوەی بە زوویی راهێنان لەژێر سەرپەرشتی ئەو راهێنەرە ئەنجام بدەم، دەشزانم لە یانەیەکی گەورەی وەك ریال مەدرید هەست بە فشار دەکرێت، بەڵام پێویستە ئارام بگرم و هێشتا گەنجم و ئەزموونی زیاترم پێویستە.

رۆدریگۆ دەشڵێت: من هێرشبەرێکی خێرام و حەز لە بڕینی یاریزانانە و شەیدای گۆڵکردنم، حەزم لە شێوازی یاریکردنی رۆبینهۆ و نەیمارە.

رۆدریگۆ دەشڵێت: چاوەڕێ دەکەم بۆ ئەوەی لەگەڵ یاریزانەکان دەست بە راهێنان و یاریکردن بکەم، بەتایبەتی لەگەڵ بنزێما، مارسێلۆ و ڤینیسیۆس جۆنیۆر.

لە بارەی بنزێما، یاریزانە نوێیەکەی ریال مەدرید دەڵێت: بنزێما یاریزانێکی دیاردەیە لە جیهانی تۆپی پێ و باشترین هێرشبەری جیهانە.

لە بارەی هازاردیش گوتی: پێشتر وێنەی هازاردم کربووە باکگراوندی مۆبایلەکەم ئێستا زۆر بە بەختم هاوشانی ئەو یاری دەکەم.

لە بارەی نەیمار، رۆدریگۆ دەڵێت: ناتوانم هیچ قسەیەك لە بارەی نەیمار بکەم، چونکە هەریەکەمان لە یانەیەکی جیاواز یاری دەکەین، حەزیش ناکەم بە نەیماری نوێ ناوم ببەن.

رۆدریگۆ نەیشاردەوە، کە رازیبوونی ئەو بە گرێبەستەکەی ریال مەدرید تەنیا ٢٠ خولەکی پێویست بوو، دەشڵێت: لەگەڵ گەیشتنی ئۆفەرەکەی ریال مەدرید راستەوخۆ باوکم ئاگادار کردەوە، کە رازی بێت.

رۆدریگۆی تەمەن ١٨ ساڵ یاریزانی باڵی چەپە پێش ئەوەی پەیوەندی بە ریال مەدرید بکات ٤٥ یاری بۆ یانەی سانتۆس کرد بوو ١٠ گۆڵ و ٥ ئاسیستی هەبوو، بە گوێرەی میدیاکان بێت بە ٤٥ ملیۆن یۆرۆ پەیوەندی بە یانەی ریال کردووە.

# رامیار ئازاد لە چەندین یانە داواکراوە




رامیار ئازادی یاریزانی پێشووی یانەی هەولێر دوای ئەوەی بۆ ماوەی چەند ساڵێکە لە وولاتی ئەڵمانیا نیشتەجێیە لە رێگای وەرزشەوەش لەگەڵ چەندین یانەی ئەو وولاتە یاری کردووە لە خولە جیاوازەکان ئێستاش لە شاری کێل لە باکوری ئەڵمانیا لە یانەی (interturkm) لە پلەی پێنجی خولی (Oberliga) یاری دەکات، رامیار دووەم وەرزە وەکو کوڕە کوردێك یاری بۆ ئەم یانە ئەڵمانیە دەکات، لەبارەی چوونی بۆ یانەی تریش رامیار ئازاد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی» ماوەی دوو وەرزە لەگەڵ یانەی (interturkm) ی ئەڵمانی یاری دەکەم و ئاستی پێویستم پێشکەش کردووە، هەرچەندە گرێبەستم زۆر بۆهاتووە لە یانەکانی تر، بەڵام هەموویانم رەت کردۆتەوە لە بەر ئەوەی بۆمن زۆر دوورن ئەو یانانەی گرێبەستیان پێشکەش کردووم، جگە لەوەش لەبەر کاری تایبەت و پەیوەست بوونم بە ژیانی خێزانی ناتوانم بچمە هیچ یانەیەکی تری دوور لە شارەکەم، بۆیە هەموو هەوڵێکم داوە لەگەڵ یانەکەی ئێستام بمێنمەوە بۆ وەرزی نوێ خۆمان ئامادە دەکەین چاومان لەوەیە ئەنجامی باش بەدەست بهێنین، منیش زۆر ئاسودەم لەم یانەیە و دەمەوێ وەرزی نوێ ببمە گۆڵکاری خولەکە و ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنم لەگەڵ ئەو یانەیە.




# پێشمەرگەیەکی کوردستان بەشداری چەندین پاڵەوانێتی راکردنی گەورەی جیهانی دەکات

سەفین رەسولی یاریزانی راکردنی ماوە درێژی کوردی یانەی پێشمەرگەی هەولێر لە ئێستادا سەرقاڵی ئامادەکارییەکانە بۆ بەشداری کردن لە چەند پاڵەوانیەتیەکی ماوەی درێژی جیهانی لە وڵاتانی ئەوروپا، کە لە پێشووتریش یاریزانی ناوبراو بە ئاڵای کوردستانەوە چەندین ئەنجامی گەورەی لەسەر ئاستی ئەوروپا بەدەست هێناوە، لەم بارەشەوە سەفین رەسول بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی» لە ئێستادا لە ئامادەکارییەکانم بەردەوام لەگەڵ ئەکادیمیایەکەم لەسەر تراکەکان بۆ ئەوەی بتوانم بە شێوەیەکی تۆکمە و باشتر خۆم ئامادە بکەم بۆ بەشداری کردن لە سێ پاڵەوانیەتی جیهانی لەسەر ئاستی ئەوروپا،گوتیشی لە مانگەکانی شەش و حەوت و هەشت لە هەریەك لە وڵاتانی ئەڵمانیا و نەرویژ و سوید پلانی باشم داناوە بۆ ئەوەی بتوانم ئەنجامی گەورە لەسەر ئاستی ئەوروپا بەدەست بهێنم، سوپاسی هەموو ئەوانەش دەکەم کەم کە هاوکار و پاڵپشت بووینە بۆ ئەوەی من بتوانم بەشداری ئەم پاڵەوانیەتیانە بکەم، وەکو یاریزانێکی کوردیش دەمەوێ بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان بەشداربم و ئەنجامی گەورە لەسەر ئاستی ئەوروپا بەدەست بهێنم، هەرچەندە ئەم پاڵەوانیەتیانە یاریزانی بەتوانا تێدا بەشداری دەکەن، بەڵام من سورم لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی گەورە.



# چەند یانەیەک چاویان لە تواناکانی نەریمان خدرە

نەریمان خدری گۆڵپارێزی پێشووی یانەی هەولێر ئەمساڵ دوای ئەوەی لەگەڵ یانەی شەقڵاوە رێکەوت بۆ یاری کردن لە خولی یانە پلە دووەکانی کوردستان توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات و یانەکەش بگەینێتە ریزی یانە پلە یەکەکان و ببێتە پاڵەوانی پلە دووەکانی کوردستان، لە ئێستاشدا چەند یانەیەك چاوی لە تواناکانی ئەو گۆڵپارێزەیە، لەبارەی چارەنووسی لەگەڵ یانەی شەقڵاوەش نەریمان خدر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی» ئەمساڵ توانیمان لە خولی پلە دووەکان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەین و یانەی شەقڵاوەش بگەینە ریزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، گوتیشی « بە دڵنیایی بۆ وەرزی نوێ لە ریزی یانەی شەقڵاوە نامێنمەوە، لەبارەی پەیوەندی کردنیشی بە یانەی تازە ناوبراو گوتیشی» چەند یانەیەك داوای منیان کردوە لە خولی نایابی کوردستان بۆ ئەوەی یارییان بۆ بکەم، بەڵام تاکو ئێستا وەڵامی کۆتایم نەداوەتەوە جارێك چاوەڕێ دەکەم بۆ ئەوەی تیپێك ببینمەوە بۆ ئەوەی گرێبەستیان لەگەڵ بکەم، سەبارەت بە خولی عێراقیش گوتی» بۆ خولی عێراق یاری ناکەم.